شاڕاو کەسرەت ڕەسوڵ سەردانی عەمار حەکیم سەرکی ڕۆتی حیکمەی کرد

ئەمڕۆ دووشەممە ٥/٢/٢٠٢٤ لە بەغدا شاڕاو کەسرەت ڕەسوڵ سەردانی عەمار حەکیم سەرکی ڕۆتی حیکمەی کرد و ڕایگەیاند: "ئومێدەوارین سەرجەم لایەنەکان بەشداربن لە حکومەتە خۆجێیەکان و هەموومان پێکەوە خزمەتی خەڵکی خۆمان بکەین".

میدیاکانی یەکێتی لەڕاگەیەندراوەکدا باویانکردەوە

لە سەرەتای دیدارەکەدا شاڕاو کەسرەت ڕەسوڵ پیرۆزبایی سەرکۆتنی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی لە سەید عەمار حەکیم و سەرجەم هێزە سەرکەوتووەکان کردو گوتی ئەنجامی ئەو هەڵبژاردنە سەرلەنوێ هاوکێشەی سیاسی ڕەکخستەوەو ئومێدەوارین سەرجەم لایەنەکان بەشداربن لە حکومەتە خۆجێیەکان و هەموومان پێکەوە خزمەتی خەڵکی خۆمان بکەین.

پێیوەندی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و ڕۆتی حیکمە تەوەرێکی تری دیدارەکە بوو، هەردوولا هاوڕا بوون لەسەر پەرەپێدانی زیاتری پێیوەندییەکان.

لە دیدارەکەدا گفتوگۆ کرا لەبارەی پەیوەندی نێوان هەرەم و بەغدا، چارەسەری ریشەیی کێشەکان و هەوڵدان بۆ لەکتەگەیشتنی زیاتر و بنبڕکردنی ناکۆکییەکان، بەجەرەک دەستوور بنەمای سەرەکی بێت و هەمووان پێوەی پابەند بن.